# هەڵبژاردنی
# ئەنجومەنی دۆمای روسیا
# (2026)


**سەربەست مستەفا رەشید**

سەرۆکی رێکخراوی ستێپ بۆ
دیموکراسی و هەڵبژاردن

STEP
for Democracy and Elections

**ئارام جەمال سابیر**

سەرۆکی پەیمانگەی کوردی
بۆ هەڵبژاردن KIE

Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن


ئەیلولی 2026

- **ناونیشان:** هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای روسیا (2026)
- **ئامادەکاران:  – سەربەست مستەفا:** سەرۆکی ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن
  **- ئارام جەمال:** سەرۆکی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE
- **جۆری بابەت:** هەڵبژاردن و دیموکراسی
- **بەرواری دەرچوون:** ئەیلولی 2026

لە بڵاوکراوەکانی
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE - ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن



Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

**پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE**

......................

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانجنەویستە، ناوەڕاستی ساڵی (2002) لەلایەن چەند یاساناس و پارێزەرێکەوە دامەزرێنراوە، هەوڵدەدات لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی مەدەنیی دەنگدەران و پشکداریی لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و چاودێریکردنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

STEP

**ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن**

...............................

ڕێکخراوێکی نیشتمانیی سەربەخۆی ناحکومی قازانجنەویستە و چاودێریی هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و خۆبەخشانە هەوڵدەدات لەپێناو بەرزکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە بوارەکانی هەڵبژاردن، دیموکراسی و حوکمڕانی باشدا.

**بۆ پەیوەندیکردن:**

**7701573210 / 07504840094**

## ناوەڕۆک

پێشەکی ........ 4
دەستور و جۆری دەوڵەت: ........ 6
سیستمی حوکمڕانی: ........ 6
ئەنجومەنی دۆما و شێوازی هەڵبژاردنەکانی: ........ 7
▪ یاسای هەڵبژاردن: ........ 7
▪ دامەزراوەی کارگێڕیی هەڵبژاردن: ........ 8
▪ سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆما: ........ 8
مەرجەکانی دەنگدەر: ........ 9
مەرجەکانی بەربژێر: ........ 10
میکانیزمی خۆپاڵاوتن: ........ 10
میکانیزمی دەنگدان: ........ 11
میکانیزمی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان : ........ 12
میکانیزمی کۆکردنەوە، پۆلێنکردن و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان: ........ 13
کۆنترۆڵکردنی پیدانی پارە بە بانگەشەکان و خەرجییەکانی هەڵبژاردن ........ 14
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای روسیا (18-20-2026) ........ 15
حزب و هێزە سیاسییە سەرەکییەکان ........ 16
پاشکۆ: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆما ساڵانی (2011) - (2016) - (2021) ........ 18

## ❶ پێشەکی

نۆیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆمای ڕوسیا لەنێوان ڕۆژانی (18-20ی ئەیلولی 2026)دا و لە ناو بارودۆخێکی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەکیی ئاڵۆزدا بەڕێوەچوو، کە زۆر جیاواز بوو لەو بارودۆخەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی پێشووی ساڵی (2021)ی تێدا ئەنجامدرا.

ئەم هەڵبژاردنە لە سەروبەندێکدا بەڕێوەچوو، کە شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیا بەردەوامە و لە ساڵی (2022)ەوە دەستیپێکردووە و چەندین گۆڕانکاری نەرێنی لە ژینگەی سیاسی، ئەمنی و ئابووریی ڕوسیادا لێکەوتۆتەوە، لەنێویاندا زیادبوونی ئەو سانسۆر و کۆت و بەندانەی خراونەتە سەر کایەی سیاسی، میدیایی و بەشداریکردنی هەندێك لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆما گرنگییەکی تایبەتیان لە سیستمی سیاسیی ڕوسیادا هەیە؛ بەو پێیەی ئەنجومەنی دۆما نوێنەرایەتی ژووری خوارەوەی کۆمەڵەی فیدراڵی دەکات و 450 پەرلەمانتار لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا سەرۆك کۆمار لە پێگەیەکی دەستووریی بەهێزی سیستمی سیاسیدایە. لەبەرئەوە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان نەك تەنها دابەشبوونی کورسییەکان لەناو دامەزراوەی یاسادانانەدا دیاری دەکەن، بەڵکو ئاماژەیەکی گرنگیش دەدەن لەسەر سروشتی هاوسەنگییە سیاسییەکان لەناو سیستمی سیاسیی ڕوسیادا.

ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاریی ئەوروپا (OSCE) ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بانگهێشتی ڕێکخراوەکەیانی نەکردووە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆمای ساڵی 2026 و ڕێکخراوەکە لە چوارچیوەی بەڵگەنامەکانی خۆیدا، ئەمەی بە پێچەوانەی پابەندبوونەکانی پێشووی ڕوسیا لە قەڵەم دا. هاوکات ڕێکخراوی ناوبراو ئاماژەی بەو پەرەسەندنە یاساییانە کرد، کە بوونەتە مایەی سەپاندنی سانسۆر و پێشێلکاریی زیاتر لەسەر بەشداریی سیاسی و پارەدارکردنی کەمپینەکانی هەڵبژاردن و توانای هەندێك لە بەربژێرەکان بۆ خۆپاڵاوتن، لەپاڵ ئەو سنووردارکردنانەی ڕووبەڕووی ئازادیی میدیا و کۆمەڵگەی مەدەنی بوونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، دەسەڵاتدارانی ڕوسیا هەڵبژاردنەکەیان وەك پڕۆسەیەکی هەڵبژاردنی دەستووریی ئاسایی نیشاندا، لە کاتێکدا سەرۆك ڤلادیمێر پوتین هەڵبژاردنەکەی بە چوارچێوەیەکی سیاسی و سەربازیی بەرفراوانترەوە بەستەوە، بەتایبەتی شەڕی ئۆکرانیا. ڕاپۆرتەکانی ڕۆیتەرز هەڵبژاردنەکەیان وەك یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیی ڕوسیای دوای دەستپێکردنی شەڕی هەمەلایەنە لەگەڵ ئۆکرانیا وەسف کرد، هاوکات ئاماژەی دا بە کۆنترۆڵکردنی توندی ژینگەی سیاسی و ڕێگەگرتن لە بەشداریکردنی ژمارەیەك لە بەربژێرانی نەیار بە جەنگەکە.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەنجامەکانی پارتی ڕوسیای یەککگرتوو گرنگییەکی تایبەتی وەرگرت؛ بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە دوای جیاکردنەوەی زیاتر لە 95٪ی دەنگەکان ڕاگەیەندراون، لیستەکە 57.83٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، کە پێشبینیی دەکرێت لە کۆی 450 کورسی ئەنجومەنی دۆما 355 کورسی بباتەوە، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2021 دا "324" کورسی بە ڕێژەی (49.82٪) بەدەستهێناوە و دواتر بەهۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فراکسیۆنی پەرلەمانیدا نوێنەرایەتییەکەی بۆ 326 کورسی بەرزبۆتەوە.

> بەراورد بە هەڵبژاردنی رابوردوی ساڵی (2021)ی ئەنجومەنی دۆمای روسیا، ژمارەی کورسییەکانی پارتی یەککرتووی روسیا لەم هەڵبژاردنەی ساڵی (2026)دا (23) کورسی زیادیکردووە.

## دەستور و جۆری دەوڵەت:

- **دەستوور:** دەستووری ساڵی 1993ی یەکێتیی ڕوسیایە و پێنج جار هەمواركراوەتەوە، كە دواجاریان لە ساڵی 2020دا بووە.
- **جۆری دەوڵەت:** دەوڵەتێكی فیدراڵییە و لە 89 یەكەی ئیداری و سیاسی پێكهاتووە[1]، كە بەم شێوەیە دابەش بوون:
  - 24 كۆمار.
  - 9 هەرێم (Krais)
  - 48 پارێزگا/ ناوچە(Oblasts)
  - 3 شاری خاوەن پێگەی گرنگیی فیدراڵی.
  - 1 هەرێمی خاوەن ئۆتۆنۆمی (Autonomous Oblast)
  - 4بازنەی خاوەن ئۆتۆنۆمی (Autonomous Okrugs)

## سیستمی حوكمڕانی:

كۆماریی سەرۆكایەتییە و سەرۆك كۆمار سەركردایەتی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەكات بە هاوكاری سەرۆك وەزیرانی حكومەت.

- **هەڵبژاردنی سەرۆكی یەكێتیی ڕوسیا:** ماوەی ویلایەتی سەرۆكی یەكێتیی ڕوسیا شەش ساڵە و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانی ڕوسیاوە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگەكان هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر هیچ بەربژێرێك لە خولی یەكەمدا زۆرینەی ڕەهای بەدەست نەهێنا، خولی دووەم لە نێوان ئەو دوو بەربژێرەدا ئەنجام دەدرێتەوە، كە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە و هەر بەربژێرێكیان زۆرینە بەدەستبهێنێت دەبێتە سەرۆكی وڵات.

---

**1)** ژمارە 89 ڕەنگدانەوەی دابەشكاریی دەستووری و یاسایی ئێستای ڕووسیایە و ئەو هەرێمانەش دەگرێتەوە كە ڕوسیا لە ساڵی 2022دا لكاندنی خۆی پێیانەوە ڕاگەیاند. نەتەوە یەكگرتووەكان و زۆربەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دان بە لكاندنی ئەو ناوچانەدا نانێن بە ڕووسیاوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك بەشێك لە ئۆكرانیا سەیر دەكرێن.

- **ئەنجومەنی فیدرالی** (Federation Council) : ژووری سەرووی پەرلەمانی ڕوسیایە و هەر قەوارەیەکی فیدراڵیی نوێنەرێکی دەسەڵاتی یاسادانانی خۆجێیی و نوێنەرێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی خۆجێیی لەو ئەنجومەنەدا هەیە. ئەمە جگە لە نوێنەرانی یەکێتیی ڕوسیا، کە سەرۆك کۆمار لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەستوور و یاسا، دایاندەمەزرێنێت.

## ئەنجومەنی دۆما و شێوازی هەڵبژاردنەکانی:

ئەنجومەنی دۆما ژووری خوارەوەی پەرلەمانی روسیایە و لە 450 کورسی پێکدێت و ماوەی ویلایەتەکەی پێنج ساڵە و لەلایەن دەنگدەرانەوە لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆوە هەڵدەبژێردرێت.

## یاسای هەڵبژاردن:

ئەو یاسایەی کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆمای روسیا ڕێکدەخات، ناسراوە بە (یاسای فیدراڵی سەبارەت بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی دۆما بۆ کۆمەڵەی فیدراڵیی یەکێتیی ڕوسیای ساڵی 2014).

لەوەتەی ئەم یاسایە دەرچووە هەتا ئێستا 36 جار هەمووارکراوە و دواترینیان لە 2ی ئایاری 2026دا بووە، کە تێیدا هەریەك لە "سیستمی هەڵبژاردن، مافی خۆپاڵاوتن، بازنەکانی هەڵبژاردن، پێکهێنانی لیستەکانی هەڵبژاردن، دابینکردنی دارایی هەڵبژاردن، میدیا و بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕۆژانی دەنگدان، سەرپێچییەکانی هەڵبژاردن، تانەدان و چەند تەوەرەیەکی دیکەی یاسای هەڵبژاردن هەمووارکراونەتەوە. جگە لە هەموارکردنێکی دیکە، کە لە ئەنجامی بڕیاری دادگای دەستووری ژمارە 11 لە 13ی نیسانی 2017دا هاتووە.

---

- بەپێی یاسای هەڵبژاردن، وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای روسیا دەبێت لە سێیەم یەکشەممەی مانگی ئەیلولی ساڵژمێری هەڵبژاردندا  ئەنجام بدرێت.

## ▪ دامەزراوەی کارگێڕیی هەڵبژاردن:

هەڵبژاردنەکانی ڕوسیا لەلایەن "کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی فیدراسیۆنی ڕوسیا CEC "وە سەرپەرشتی دەکرێت، کە دامەزراوەیەکی حکومیی فیدراڵییە و لە بواری هەڵبژاردندا خاوەن سەربەخۆیی فەرمییە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیدا.

کۆمسیۆنەکە لە 15 ئەندام پێکهاتووە، کە پێنجیان لەلایەن ئەنجومەنی دۆما و پێنجی دیکەیان لەلایەن ئەنجومەنی فیدراسیۆن و پێنجیشیان لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دادەمەزرێن.

ماوەی ئەندامێتی لە کۆمسیۆنەکەدا پێنج ساڵە و لە چوارچێوەی سیستمێکی پلەبەندیی لە ڕێگەی نوسینگەی کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی و خۆجێییەوە کاردەکات و بەرپرسیارێتی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکانی لە ئەستۆدایە لەگەڵ، تۆمارکردنی دەنگدەران و بەربژێرەکان و لیستەکانی هەڵبژاردن، سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی دەنگدان و جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکان، کۆکردنەوەی ئەنجامەکان، پۆلێنکردن و ڕاگەیاندنیانی ئەنجامەکان.

## ▪ سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆما:

ئەو سیستمی هەڵبژاردنەی لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دۆمای ڕوسیادا جێبەجێ دەکرێت، سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریبە و 450 کورسییەکەی ئەنجومەنی دۆما نیوە بە نیوە بۆ دوو بەش دابەش کراون:

- **225 کورسی** لە بازنەی هەڵبژاردنی تاك-کورسی/ نوێنەردا هەڵدەبژێردرێن، واتە لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا تەنها یەك بەربژێر بە سیستمی زۆرینەی سادە (براوەی یەکەم) هەڵدەبژێردرێت.
- **225 کورسی** لە ڕێگەی لیستە حزبییەکانەوە لە یەك بازنەی هەڵبژاردنی فیدراڵیدا لەسەر ئاستی گشت ڕوسیا هەڵدەبژێردرێن، کە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی/ شێوازی هار-نیماری تێدا جێبەجێ دەکرێت.

بەو شێوەیە دەنگدەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەنجومەنی دۆمادا، دوو دەنگ دەدات؛ دەنگێك بە بەربژێری بازنە تاکەکەسییەکە و دەنگێکیش بە لیستێکی حزبی. بازنەکانی هەڵبژاردنی ڕوسیا بۆ 225 بازنەی هەڵبژاردنی تاك-کورسی، لەگەڵ یەك بازنەی هەڵبژاردن بۆ تەواوی وڵاتی ڕوسیا دابەش دەبێت.

## مەرجەکانی دەنگدەر:

- مەرجە دەنگدەر هاووڵاتییەکی ڕوسی بێت.
- دەبێت لە ڕۆژی دەنگداندا تەمەنی گەیشتبێتە 18 ساڵ.
- دەبێت بەپێی یاسا شیاوی یاسایی و مافی هەڵبژاردنی هەبێت.
- ئەو کەسانەی بەپێی یاسا لە مافەکانی هەڵبژاردنیان بێبەشکراون، مافی بەشداریکردنیان لە دەنگداندا نییە.
- ئەو دەنگدەرەی لە ناوەوەی ڕوسیا نیشتەجێیە، بەشدار دەبێت لە هەڵبژاردنی بەربژێری بازنە تاکەکەسییەکە و دەنگدانیش بۆ لیستی حزبی.
- ئەو هاووڵاتیەی لە دەرەوەی ڕوسیادایە، دەتوانێت بەپێی ئەو ڕێکارانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات، کە لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێبە دیاری دەکرێن.

- ژمارەی دانیشتووانی ڕوسیا :نزیکەی 146.1 ملیۆن کەسە/ (ئاماری 2025).
- ژمارەی دەنگدەران لە ناوەوەی ڕوسیا: 111,037,047 دەنگدەرە،
- ژمارەی دەنگدەران لە دەرەوەی ڕوسیا: 1,816,504 دەنگدەرە
- ژمارەی دەنگدەرانی (بایکۆنور) 11,502 دەنگدەرە.
- بەمەش کۆی گشتیی ژمارەی دەنگدەران 112,856,053 دەنگدەر.

## مەرجەکانی بەربژێر:

- دەبێت بەربژێر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی دۆما هاووڵاتییەکی ڕوسی بێت.
- نابێت تەمەنی لە ڕۆژی دەنگداندا لە 21 ساڵ کەمتر بێت.
- دەبێت بەربژێر لەژێر رکێفی مەرجە یاساییەکانی شیاوی یاساییدا بێت.
- هەندێك لە حوکم و سزا تاوانکارییەکان دەیگرێتەو.
- بوونی ڕەگەزنامەی بیانی یان مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی لە دەوڵەتێکی بیانیدا دەبنە بەربەست لەبەردەمیدا.
- بەربژێر دەتوانێت لە چوارچێوەی لیستێکی حزبیدا بەشداری هەڵبژاردن بکات.
- بەربژێر دەتوانێت لە ڕێگەی حزبێکی سیاسییەوە لە بازنەیەکی تاکەکەسیدا بەشداری هەڵبژاردن بکات.
- خۆپاڵاوتن بە شێوەی تاکەکەسی لە بازنەی تاك-ئەندامدا.

## میکانیزمی خۆپاڵاوتن:

حزبە سیاسییەکان، لیستی ناوی بەربژێرانی خۆیان لە ڕێگەی ئەو دەستە حزبییانەی کە بەپێی یاسا دەسەڵاتیان پێدراوە پێشکەش دەکەن، و لیستەکان دەکەونە ژێر باری ئەو مەرجە یاساییانەوە، کە پەیوەندییان بە ژمارەی بەربژێرەکان و دابەشبوونی هەرێمەکانیانەوە هەیە.

هەندێك لە حزبەکان بەپێی یاسا بەخشراون لە کۆکردنەوەی ئەو واژۆیانەی کە بۆ تۆمارکردن پێویستن، لە کاتێکدا ئەو حزب و بەربژێرانەی کە لەو بەخشینە یاساییانە سوودمەند نابن، دەکەونە ژێر مەرجەکانی کۆکردنەوەی واژۆوە.

سەبارەت بە بازنە تاکەکەسییەکانیش، دەکرێت بەربژێرەکە سەر بە حزبێك بێت یان بە شێوەیەکی تاکەکەسی و سەربەخۆ خۆی بپالێوێت.

## میکانیزمی دەنگدان:

بەو پێـیەی سیسـتمی هەڵبـژاردنەکە تـێکەڵاوی هـاوتەریبە، لەبەرئەوە دەنگـدەر لە نـاوەوەی ڕوسـیا دوو کـارتی دەنگــدان وەردەگرێــت؛ یەکێکیــان بــۆ بەربژێـری بــازنە تاکەکەسییەکەیە و دووەمیان پسوولەی دەنگدانە بۆ لیستە حزبییەکان لەسەر ئاستی نیشـتیمانی. واتە دەنگـدەر یەك بەربژێر لە بـازنە تاکەکەسـییەکەدا هەڵـدەبژێردرێت و یەك لیسـتی حزبـی لە دەنگـدانی فیدراڵیـدا دیـاری دەکـات. دەنگەکـان بە شـێوەیەکی جیاواز بۆ بازنە تاکەکەسییەکان و لیستە حزبییەکان ئەژمار دەکرێن.

دەنگدانی ئەلەکترۆنیی دوورمەودا لە هەندێك ناوچەدا پەیڕەو دەکرێـت و ژمـارەی ئەو کەسانەی لەم هەڵبژاردنەدا بە شێوازی ئەلەکترۆنی دەنگیـان داوە، زیـاتر لە 3.6 ملیـۆن دەنگدەر بووە.

- ژمارەی کاتژمێرەکانی دەنگدان لە ڕۆژێکدا 12 کاتژمێرە، واتە لە هەر ڕۆژێکی دەنگدانندا، هاوڵاتییانی روسیا دەتوانن لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تتا کاتژمێر هەشتی شەو بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.



## ⓫ میکانیزمی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان :

○ **ژماردنی ئەلەکترۆنی:** لە زۆربەی بنکەکانی دەنگداندا ئامێری ئەلەکترۆنی بۆ ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان بەکاردەهێنرێت. بەشێك لەم ئامێرانە دروستکراوی ناوخۆی ڕوسیان و بەشەکەی دیکەیان بەرهەمی کۆمپانیای میرۆ (Miro)ی کۆریای باشورن[2].

○ **ژماردنی دەستی:** تەنها لە بنکەکانی هەندێك ناوچەی کەمدا، ڕێکاری دەستی بۆ ژماردن و جیاکردنەوەی کارتەکانی دەنگدان پەیڕەو دەکرێت.

○ **هاوتاکردنی ژماردنی ئەلەکترۆنی و دەستی:** پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلەکترۆنی لە سەرجەم بنکەکانی دەنگداندا ئەنجام دەدرێت، بەڵام تەنها بە ڕێژەی لە (٪5)ی وێستگە و بنکەکانی دەنگدان پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستییان تێدا ئەنجام دەدرێت.

ئەو بنکانەی شێوازی دەستییان تێدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانەوە لە ڕێگەی تیروپشکێکی ئەلەکترۆنییەوە دیاری دەکرێن و تەنها نیو کاتژمێر پێش کۆتاییهاتنی وادەی دەنگدان، بەڕێوەبەرانی ئەو بنکە دەستنیشانکراوانە لە ژماردنە دەستییەکە ئاگادار دەکرێنەوە.

> لە پرۆسەی جیاکردنەوە و ژماردنی دەنگەکانی هەڵبژاردنی روسیادا، شێوازی ئەلەکترۆنی بە بنەما وەردەگیرێت و تەنها رێژەی ی بنکەکگانی دەنگدان بە شێوازی دەستی دەژمێردرێن.

---

[2] ) میرۆ (Miro) هەمان ئەو کۆمپانیایەیە، کە ئامێرەکانی پشتڕاستکردنەوە و ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلەکترۆنی بۆ عێراقیش دابین دەکات.

## ميكانيزمی كۆكردنەوە، پۆلێنكردن و ڕاگەياندنی ئەنجامەكان:

- **تۆماركردنی كۆنووسەكان:** لیژنەی دەنگدان كۆنووسی فەرمی تايبەت بە ئەنجامەكان ئامادە دەكات.
- **ناردنی ئەنجامەكان:** ئەنجامەكان بۆ لێژنە باڵاكانی هەڵبژاردن بەرز دەكرێنەوە.
- **كۆكردنەوەی دەنگەكان:** لێژنە باڵاكان هەڵدەستن بە كۆكردنەوەی ئەنجامەكانی سەرجەم بنكەكانی دەنگدان.
- **دياريكردنی براوەكان:** براوەی هەر بازنەيەكی تاكەكەسی، لەسەر بنەمای ئەنجامەكانی هەمان بازنە دياری دەكرێت.
- **پۆلێنكردنی دەنگی ليستەكان:** ئەنجامی دەنگدانی ليستە حزبييەكان لەسەر ئاستی فيدراڵی كۆدەكرێتەوە.
- **دابەشكردنی كورسييەكان:** بۆ دابەشكردنی كورسی ليستەكان، كار بە بەربەستی هەڵبژاردن (العتبة الانتخابية) و ڕێساكانی ديكەی ياسا دەكرێت.
- **ڕاگەياندنی ئەنجامی بەرايی و كۆتايی:** ڕاگەياندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی دۆمای ڕوسيا، بە دوو قۆناغی سەرەكيدا تێپەڕدەبێت:
- ئەنجامی بەرايی: دوای داخرانی سندوقەكانی دەنگدان لە ئێوارەی ڕۆژی كۆتاييدا، دەستبەجێ جياكردنەوە و ژماردنی دەنگەكان دەستپێدەكات. لە ماوەی چەند كاتژمێرێكدا و تا بەيانی ڕۆژی دواتر كۆمسيۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی ڕوسيا (CEC) ئەنجامی بەرايی (95%)ی پرۆسەكە و ڕێژەی بەشداريی دەنگدەران بڵاودەكاتەوە.
- ئەنجامی كۆتايی: ڕاگەياندنی فەرمی و كۆتايی پێويستی بە چەند ڕۆژێكە بۆ ئەوەی سەرجەم كارتەكان (بە دەنگدانی ئەلەكترۆنی و دەنگدەرانی دەرەوەی وڵاتيشەوە) بە تەواوی بژمێردرێن و ڕێكارە ياساييەكان تەواو ببن. بەپێی ياسا، كۆمسيۆن دەبێت لە ماوەی پێنج بۆ چوارده ڕۆژدا، ئەنجامی كۆتايی و فەرمی ڕابگەيەنێت.

### ❶ کۆنترۆڵکردنی پیدانی پارە بە بانگەشەکان و خەرجییەکانی هەڵبژاردن:

- **پێڕەوی یاسایی:** بانگەشەکانی هەڵبژاردن ملکەچی سیستمێکی یاسایی تایبەتن بە دابینکردنی دارایی و خەرجکردنەکان.
- **سندوقی دارایی بانگەشە:** بەربژێر و حزبەکان ئەژماری بانکی یان سندوقی دارایی تەرخانکراو بۆ بانگەشەکان بەکاردەهێنن.
- **تۆمارکردنی داهات:** پێویستە سەرجەم ئەو پارانەی دێنە ناو ئەژماری هەڵبژاردنەوە تۆمار بکرێن.
- **تۆمارکردنی خەرجییەکان:** پێویستە هەموو ئەو خەرجییانە تۆمار بکرێن، کە بۆ بانگەشە خەرجدەکرێن.
- **سەقفی خەرجییەکان:** سنورێکی یاسایی دیاریکراو بۆ بەرزترین ئاستی خەرجییەکان هەیە.
- **سەقفی بەخشینەکان:** بەخشینی پارە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە سنووردارکراوە، هاوکات سنوورێکیش بۆ بەخشینی کۆمپانیا و قەوارە یاساییەکان دانراوە.
- **سەرچاوە قەدەغەکراوەکان:** هەندێك سەرچاوەی دارایی هەن، یاسا وەرگرتنیان قەدەغە دەکات.
- **پارەدارکردنی دەرەکی:** سەرچاوە دەرەکی و بیانییەکان لەو لایەنە سەرەکییانەن کە سنوردارکردنی یاسایی دەیانگرێتەوە.
- **چاودێریکردنی ئەژمارەکان:** ئەژمارە داراییەکانی هەڵبژاردن، بەپێی ئەو ڕێسایانەی یاسا و لیژنەی هەڵبژاردن دیارییان دەکەن، چاودێری دەکرێن.
- **شەفافییەت و ئاشکراکردن:** پێویستە بەشێك لەو بەخشین و خەرجییانە ئاشکرا بکرێن، کە یاسا سنور و ڕێکارەکانی دیاری کردوون،.

ئامانج لەم ڕێسایانە بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەکانی دابینکردنی دارایی و مسۆگەرکردنی توانای بەدواداچوونی ئەو پارانەیە. کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردێن.

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای روسیا
# (18-20-2026)

**داتاکانی پرۆسەی دەنگدان:**

- کۆی گشتیی دەنگدەران 62,619,380 :دەنگدەر.
- ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە ناوخۆی روسیا: زیاتر لە 90 هەزار بنکەی دەنگدان.
- ژمارەی بنکەکانی دەنگدان لە دەرەوەی روسیا: 333 بنکەی دەنگدان.
- ژمارەی ئەو وڵاتانەی دەنگی تێدا دەدرێت: 152 وڵات.
- ڕێژەی بەشداریکردن: (59.32%)

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان کە بۆ دەنگدەرانی پێشوەختە دەرکراون | 2 630 361 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان کە ڕۆژی دەنگدان لە بنکەی دەنگداندا دەدرێنە دەنگدەران | 53 374 448 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان کە ڕۆژی دەنگدان لە دەرەوەی بنکەکانی دەنگدان دەنگدەدەن | 7 048 753 |
| ژمارەی کارتەکانی دەنگدانی پووچەڵ | 35 031 622 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان کە لە سندوقی دەنگدانی گەڕۆکدا هەن | 9 668 350 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان، کە لە سندوقی دەنگدانی بنکەکاندا هەن | 53 173 420 |
| ژمارەی کارتەکانی دەنگدانی نادروست | 872 200 |
| ژمارەی کارتەکانی دەنگدانی دروست | 61 969 570 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان، کە ونبوون | 331 |
| ژمارەی ئەو کارتانەی دەنگدان، کە لە کاتی وەرگرتندا ئەژمار نەکراون | 34 |

سەرچاوە: النتائج - الملخص

## حزب و هێزە سیاسییە سەرەکییەکان:

- **پـارتی ڕوسـیای یەکگرتـوو** (United Russia) : هێزێکـی سیاسـیی سـەرەکییە و بەستراوەتەوە بە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ڕوسیاوە.
- **حزبـی کۆمۆنیسـتی کۆمـاری فیـدراڵی ڕوسـیا:** حزبێکـی کۆمۆنیسـتە و خـاوەن پێگەیەکی مێژووییە لە پەرلەماندا.
- **حزبـی دیمـوکراتی لیبراڵـی ڕووسـیا** (LDPR) : حزبێکـی نەتەوەیـیە و مێژوویەکـی درێژی لە ژیانی سیاسی ووسیادا هەیە.
- **ڕوسـیای دادپەروەر – لەپێنـاو ڕاسـتیدا** (A Just Russia – For Truth) : حزبێکـی کـۆمەڵایەتی/ چەپە و لە چەنـدین دۆسـیەی سـەرەکیدا هـاوڕا و پشـتگیری حکـومەت دەکات.
- **خەڵکـی نـوێ** (New People) : حزبێکـی تـازەدەیەك نـوێیە و لە هەنـدێك دۆسـیەدا خاوەن ئاڕاستەی چاکسازیی و لیبراڵە.
- **ڕۆدینا** :(Rodina) : حزبێکە خاوەن دیدگا و بنەمای نەتەوەیی و موحافیزکارە.
- **کۆمۆنیسـتەکانی ڕوسـیا** (Communists of Russia): حزبێکـی کۆمۆنیسـتی دیکەیە و جیایە لە حزبی کۆمۆنیستی کۆماری فیدراڵی ڕوسیا.
- **حزبی خانەنشینان:** زیاتر سەرنج دەخاتە سەر دۆسـیەی خانەنشـینان و پرسـە کۆمەڵایەتییەکان.
- **حزبی سەوز:** تیشك دەخاتە سەر پرس و بابەتەکانی ژینگە.
- **حزبـی دیموکراسـی ڕاسـتەوخۆ** (Direct Democracy Party) : سـەرنج دەخـاتە سەر بابەتەکانی دیموکراسیی دیجیتاڵی و چاکسازیی دامەزراوەیی.

| خشتەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دۆمای روسیا (2026) | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتەکان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی دەنگەکان | تێپەڕاندنی بەربەست %5 | کورسییەکان بە لیستی فیدراڵی | کورسیی بازنەی تاکەکەسی | کۆی گشتیی کورسییەکان |
| ڕوسیای یەکگرتوو | 35 848 484 | ٪57.85 | بەڵێ | 139 | 208 | 347 |
| حزبی کۆمۆنیستی روسیا | 8 810 377 | ٪14,22 | بەڵێ | 33 | 5 | 38 |
| حزبی لیبراڵ دیموکراتی ڕوسیا | 5 727 310 | ٪9,24 | بەڵێ | 22 | 2 | 24 |
| خەڵکی نوێ | 5 106 201 | ٪8,24 | بەڵێ | 19 | 0 | 19 |
| ڕوسیای دادپەروەر | 3 255 459 | ٪5,22 | بەڵێ | 12 | 4 | **16** |
| حزبی خانەنشینان | 1 264 435 | ٪2,04 | نەخێر | 0 | 0 | **0** |
| سەوزەکان | 739 541 | ٪1,19 | نەخێر | 0 | 0 | **0** |
| کۆمۆنیستەکانی ڕوسیا | 540 305 | ٪0.87 | نەخێر | 0 | 0 | **0** |
| پارتی ڕۆدینا | 453 552 | ٪0.73 | نەخێر | 0 | 1 | **1** |
| دیموکراسی ڕاستەوخۆ | 223 906 | ٪0.36 | نەخێر | 0 | 0 | **0** |
| یابلۆکۆ | | | | 0 | 0 | **0** |
| بەربژێرە سەربەخۆکان | 0 | ٪0 | نەخێر | 0 | 4 | **4** |
| کۆی گشتی | **58,642,736** | - | - | **225** | **224** | **449** |

**پاشکۆ-1-: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی دۆما و ساڵانی (2011) - (2016) - (2021)**

| هەڵبژاردنەکان | | روسیای یەکگرتوو (فەرمانڕەوا) | پارتی کۆمۆنیست (CPRF) | دادپەروەریی روسیا (SRZP) | لیبرال دیموکرات (LDPR) | خەڵکی نوێ | پارتی رۆدینا | پلاتفۆرمی مەدەنی | پارتی گەشەپێدان | کاندیدانی سەربەخۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ساڵی 2011** | کورسی | 238 | 92 | 64 | 56 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | **%** | (٪49.32) | (٪19.19) | (٪13.24) | (11.67٪) | (٪0) | (٪0) | (٪0) | (٪0) | (٪0) |
| **ساڵی 2016** | کورسی | 343 | 42 | 23 | 39 | 0 | 1 | 1 | 0 | 1 |
| | **%** | (٪54.20) | (٪13.34) | (٪6.22) | (٪13.14) | (٪0) | (٪1.51) | (٪0.22) | (٪0) | (٪0) |
| **ساڵی 2021** | کورسی | 324 | 57 | 27 | 21 | 13 | 1 | 1 | 1 | 5 |
| | **%** | (٪49.82) | (٪18.93) | (٪7.46) | (٪7.55) | (٪5.32) | (٪0.80) | (٪0.15) | (٪0.64) | (٪0) |

**********************************************

********************************

****************

# Russian Duma elections
## (2026)

Sarbast Mustafa
Head of Step Organization for Democracy and Elections

STEP

Aram Jamal
Head of Kurdish Institute for Election KIE

September/2026